# ژن و شوناس

**حسن حسين**

سەرەتا مەبەستمان لە جەخت کردنەوە لەسەر شوناسی سەربەخۆی ژن بەو مانایە نیە کە جیاکاریەك لەنێوان شوناسی مرۆڤانە و شوناسی ژندا بکەین ، بەڵکو بە پێچەوانەوە مەبەستمان لە مرۆیی بونی پێناسەی ژنە کە سیستمی پیاوسالاری بە د رێـــــژەدان بە وابەستەیی ژنان نەك هەر ژن بەڵکو پیاوانیشی لە سروشتی مرۆییانەی خۆی خستوە . ڕێگای گەیشتنی ژنانیش بە پێگە و دۆخێکی مرۆڤانە بە سەلماندن و چەسپاندنی سەربەخۆیی تەواو کەماڵی هەمەلایەنەی ژناندا تێدەپەڕێت .

بەدەستهێنانی شوناس یان سەلماندنی ،بەگشتی بە ململانێیەکی توند وتیژ و سەخت وهەند ێك جاریش خوێناویدا تێدەپەڕێ. پاڵنەری بەدەستهێنانی شوناس لەلایەن هەر گروپ یان دەستە وتاقم و کۆمەڵەیەکەوە کاردانەوەیەتی لەدژی پێشێلکارییەکانی ئەوی دی لە مـــاف و ئازادی و تایبەتمەند یەکانی و هەوڵەکانی بۆ ڕێگرتن لێی لە ئامادە بون وەك توخمێکی سەربەخۆ لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا، بۆ نمونە ڕەهەند ێکی ململانێی کورد لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانیدا ململانێیە لەسەر شوناس . دەوڵەتەکانی ئێراق، ئێران، تورکیا و سوریا هەریەکە بەجیا و بەشێوەیەکی سیستماتیك هەوڵیانداوە بونی کورد وەك پێکهاتەیەکی نێو ئەم وولاتانە ئینکار بکەن ،بۆیە دەکرێت بڵێین ململانێ کردن لەسەر شوناس یاخود ناسنامە سیماو تایبەتمەندی سیستمێکی سیاسی توتاڵیتار یاخود کۆمەڵگەیەکی توتاڵیتارە، کەتیایدا جیاوازی نێوان پێکهاتە وگروپەکان وبگرە هەند ێك جار خودی گروپەکانیش ، بەردەوام لەبەر هەڕەشەی توانەوەدان لەنێو قەوارەیەکی سەپێنراو یان دەستکرددا.

هەر بەم جۆرە خەباتی ژنانیش بۆ بونە خاوەنی شوناس کاردانەوەیە لەدژی دەسەڵاتی گشتگیر(توتاڵیتار) ی پیاوسالاری کە(دەوڵەتەکان،دەزگاو پێکهاتەحکومیەکان ، کەلتور وئاین و ...هتد لەخۆ دەگرێت و ) بەدرێژایی چەند هەزار ساڵی ڕابردو بەهەمو شێوازێك هەوڵ دەدات بونیادی کۆمەڵگە و یاساکانی ، مەفاهیم و بەهاو بایەخەکان و تەنانەت دیاردە و ڕوداو و ئامڕازەکانیش لە پێناس و دید و تەسمیەیەکی نێرانەدا بخاتە ڕوو یاخود لەنێو ڕوانگە ونەریتی پیاوانەدا کەناڵیزەی بکات . سیستمی پیاوسالاری چیە جگەلە سیستمی چینایەتی و دەوڵەت و دامەزراوەکانی کە لەپێناو پاراستن و هێشتنەوەی ژێرخانی ئابوری و پەیوەند یە چینایەتیەکانی بەرهەمهێنان پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هەمو شێوازێکی سەپاندن و چەپاندن و توند و تیژی و سەرکوتکردن ؟ بە واتایەکی دی دەکرێت بڵێین بنەمای کۆمەڵگەی پیاو سالاری ( دەوڵەت و یاسا و زەوت کردنە ).. دەوڵەت، یاخود دەسەڵات، کە جڵەوەکەی لەدەست پیاواندایە بەردەوام دوو جۆر هێزی بەکار هێناوە و دەهێنێت، هێزێکی ئاشکرا کە، لەشکر و دامەزراوە سەربازی و پۆلیسیەکان وئـــامێر و تەکنەلۆجیای شەڕ کردن و زیندان و ئەشکەنجە و سزا و...هتد پیادەی دەکەن و ، گوزارشتگەری شێوازێکی فیزیکیە بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕووبــــــەڕوو بوونەوەی هەڕەشە و مەترسیە سیاسیەکانی کە لە دەرەوەی وولات یان کۆمەڵگەوە دێن ، یاخود ئەو یاخی بوون و شۆرشانەی کە لەناوەوەی کۆمەڵگەوە لەدژی دەسەڵات سەرهەڵدەدەن . دووەمیان، هێزی شاراوە یان ناوەکیە کە، ئەمیان ئایین و کەلتور و تێڕوانینە باو و سەپێنراوەکان و...هتد ن ،کەلەپێناو گەیشتن بەسیستمێکی فکری وکلتوری تاکڕەهەند دا، بەها و بایەخ ونەریت ومۆراڵ و هەمو ئەو چەمکە حسی و زهنیانە بەرهەم دێنن کە ڕووبەڕە

ڕێپێدراوەکان و یاسا حەرامکراوەکان دەستنیشان دەکات و سود لە یاساکان و هێزی ئاشکرا دەبینێت بۆ پاراستنی ئەو ڕووبەر و پانتاییانە ، ڕیکخستنی ئازادی و مافەکانی تاك و ئاراستە کردنی مەیلە سێکسیەکانیی، و دیاریکردنی پەیوەند یە مرۆییەکان و هاوسەرگیری و خۆشەویستی و ...هتد بواری کارکردنی هێزی شاراوەیە، مارکوزە لە ( ئیرۆس و ژیار) دا دەڵێت: ((ئەو کاتەی سەرکوتکردنی دەرەکی دوچاری یاخی بون بۆتەوە ،پەنا براوە بۆ سەرکوتکردنێك لە ناوەوە کە هاریکاری سەرکوتکردنی دەرەکی کردوە ، چونکە کەسی سەرکوتکراو لە چوارچێوەی دەزگای ئەقڵی تایبەتی خۆیدا پرۆسەیەکی هەمەلایەن بەرامبەر سەردار و دەزگای سەردارەکانی جێبەجێ دەکا. ئیتر ململانێ دژی ئازادی ڕۆدەچیتە ناوەوەی دەرونی مرۆڤ لە شێوەی سەرکوتکردنێکی زاتیی کەسی سەرکوتکراودا .بەم جۆرە کەسی سەرکوتکراو لە ڕێگای سەرکوتکردنی زاتی خۆیەوە بەرگری لە سەردار و دەزگای سەردارەکانی دەکات ، ئەم بزوێنەرە ئەقڵیە بزوێنەری ژیارە.) و یەکەمین قوربانیشی سروشتی مرۆڤ و پەیوەند یە سروشتیەکانی مرۆڤە. لێرەوە عەقڵیەتی پیاو سالاری نەك هەر ڕۆ دەچێتە نێو کۆنەستی ژنەوە ، و ژنان دەبنە هەڵگر و بەرهەمهێنەرەوەی نەریت و دەسەڵاتی پیاوان ، بەڵکو لە خەباتیشیاندا هەمان ئەلگۆکانی پیاوان بۆ کارکردن پەیڕەو دەکەن. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەگەر هێزی ئاشکرا گورزی دەست دەوڵەت بێت (لە بەرگی یاسادا ) بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی هەڕەشەکان و کۆنترۆڵ کردنی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕاگرتنی ئارامی سیاسی ، ئەوا پیاوسالارییش ( بەوەی کە زیاتر وەك تارمایی یان سێبەرێکی دەسەڵاتی چینایەتی و سیاسی دەردەکەوێت بۆئەوەی ئاید ۆلۆژیا و دید و بۆچونەکان ،ورێبازە سیاسیەکان و جولانەوە کۆمەڵایەتیەکان لە قاڵب بدات بە جۆرێك کەنەتوانن تەجاوزی عەقڵ و نەریتی ئەو بکەن و وەك ماشێنێکی بەرهەمهێنانەوەی کلتورەکەی کاربکەن) هێزی شاراوەی کردۆتە گورزێك بۆ لێدانی بیرو بۆچونی هیومانیستی دژ بە سیستمەکەی . بە مانایەك ئەگەر ئەو بۆچونەی مارکس کە دەڵێت ئایدۆلۆژیای باو لە کۆمەڵگەدا ئایدۆلۆژیای سیستمی دەسەڵاتدارە ، بەسەر سیستمی پیاوسالاریدا پراکتیزە بکەین ئەوا دەکرێت بڵێین میراتی فکر و مەعریفەی چەند هەزار ساڵی ڕابردوو ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتی پیاوسالاریە . .بەم جۆرە لە بەریانی دروست بونی دەوڵەتەوە ، یاخود بەدەربڕینی فرۆید یانە لەسەرەتای سەرهەڵدانی ژیارێکی چەپێنەرەوە، بوارەکانی فکر وچالاکی کۆمەڵایەتی ،واتە مەعریفە و کۆمەڵگا، بوونەتە پالایشگا (فلتەر) ێك کە خەبات و جولانەوەی ژنانی پێدا تێدەپەرێت تاکو لەوسەرەوە جولانەوەیەك بە پێوانەی عەقڵ و نەریتی پیاوان بێنێتە دەرێ . سەرەڕای ئەمەش خەبات و جولانەوەی ژنان بۆ بەدەستهێنانەوەی شوناسی زەوتکراویان بەبەراورد بە پانتایی ئەم سیستمە و تەمەن و مێژووەکەی لەچەند هەولێکی پەراگەندە و لێرە و لەوێ و نا ڕێکخراو دەچێت ، واتە نەبۆتە جولانەوەیەکی بەرجەستەی هەمەلایەن کە لە حاڵی شۆرشدا بێت لە دژی دەسەڵاتی پیاوان یاخود پایەی دەسەڵاتەکەیان بلەرزێنێت . بە جۆرێکی تر بڵێم ناوەڕۆکی شۆرشگێڕانەی مافەکانی ژنان نەبۆتە هاندەرێك بۆ یاخی بوونیان لە دژی دەسەڵات لە چەشنی یاخی بوون و شۆرشی گروپ و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری وەك کرێکاران وجوتیاران و... هتد ئەگەرچی ژنان لە هەمو ئەم بزوتنەوانەشدا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان بینیوە ، ئەمەش بەبۆچونی من هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە :

1. ژنان بەدەستهێنانی مافەکانیان سپاردوە بە ئەنجام گەیاندن و سەرکەوتنی خەبات و جولانەوەی هێز و گروپەکانی دی و لە چوارچێوەی ئەو بزوتنەوانەدا بە شوێن مافەکانیانەوە بون، تەنانەت ئەگەر ڕێکخراوی تایبەت بە خۆشیان بووبێت ئەوا هەر لە خولگەی ستراتیژ ی ئەو هێزانەدا خولاونەتەوە، ئەمەش لەبەرچاو نەگرتنی سەربەخۆیی پێگەی ژنان و پاشکۆ بونیانی بەرهەم هێناوەتەوە ..بەواتایەکی تر ژنان وەك هێزێکی بەشدار لەو جولانەوە و شۆڕشانەدا سەربەخۆیی خۆیان لە دەستداوە و لە باشترین حاڵەتدا بونەتە هەلگری پێناسی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی تایبەت بەو بزوتنەوانە، ئەمە ئەگەر وەکو هێزی یەدەك سەیر نەکرابێتن . با کوردستان بە نمونە وەربگرین . لە کوردستان بە واقعی بزوتنەوەیەکی ژنان لە ئارادانیە ئەوەی کە هەیە کۆمەڵێك ڕێکخراوی پاشکۆی حزبەکانن کە لە کلاوڕۆژنەی ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەند یەکانی

حزبەوە قسە لەسەر مافەکانی ژنان دەکەن و بەدەستهێنانی ئەو مافانە دەبەستنەوە بە بەدیهاتنی بەرنامە و ئامانجەکانی حزب .واتە هەر لە سەرەتاوە ئاراستەکانی کارکردنیان سەبارەت بە کێشەکانی ژنان لە قاڵب دەدەن وخواستەکانیان وهەڵوێست وئەرکە ڕێکخراوەییەکانیان لەگەڵ پەیڕەو وپرۆگرامی حزبدا دەگونجێنن.

2.گەلاڵە نەبونی جولانەوەی ژنان لە چوارچێوەی شوناسێکی سەربەخۆدا فاکتەرێك بوە بۆ ئەوەی بەشداریکردن و ئامادە بونی ژنان لەجولانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا بەرمەبنای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نەبێت و ئەنجامەکەشی هەرچەندە بۆ جولانەوەکان پۆزەتیف بوبێت ،بەڵام دواجار ژنان کەوتونەتەوە پەراوێز ، لێرەدا مەبەستم لە گرێبەست دێکۆمێنتێکی نوسراو نیە بەڵکو ئامادەیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی(منقم) ژنانە سەربەخۆ لەهێز و جولانەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر.یاخود وەك ژولیا کریستیفا دەڵێت: ( تائێستا بەشداری ژنان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پیشەسازی و فەرهەنگی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ناو دەسەڵاتدا بەدەستنەهێناوە ) ئەمەش وەك ئاماژەم پێدالە نائامادەیی هاوپەیمانیەتێکی کۆمەڵایەتیدایە لە نێوان جولانەوەی ژنان و جولانەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر لەچەشنی ئەو هاوپەیمانێتیەی کە مارکسیزم لەنێوان کرێکاران و توێژە چەوساوەکاندا لە شۆڕشی دژی سەرمایەداریدا ئاماژەی پێدەدات، یاخود ئەوەی کە لیبڕالیزم بەیەکخستنی هەولی هێز و گروپە دیموکراتخواز و لیبڕاڵەکان بۆ پێکهێنانی پلوراڵیزمێکی بۆرژوایی ناوزەدی دەکات.

3. شێوازەکانی ڕە فتاری سیاسیی ژنان، یاخود ڕادەی بەشداری کردنی ژنان لە سیاسەتدا ، کە لە چاو پیاواندا کەمتر گرنگی دەدەن بە سیاسەت، ئەمەش ئەگەر کەمتەرخەمی ژنان خۆیان بێت یان کاریگەری ئەو عەقڵیەتە پیاوانەیە بێت کە دەڵێت بواری سیاسەت زبرە و لەگەڵ تایبەتمەندی وسروشتی ژندا نایەتەوە یاخود کۆسپ و لەمپەرە کۆمەڵایەتیەکان بێت ، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کەدواجار ژنان باجی دوورکەوتنەوە یان لە سیاسەت دەدەن، و ئاگایی سیاسی ژنان دێنێتە خوارەوە . بۆنمونە (بەدیاریکراوی نا) لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا حزبی سیاسی و کوتلە و گروپگەلێکی جۆراو جۆر دەبینین کە دەچنە هەڵبژاردنەکان و پەرلەمانەکانەوە بەڵام ژنان نابینین کە لە دەرەوەی حزبە تەقلید یەکانەوە وەك کوتلەیەکی جێندەری بچنە نێو بازنەی دەسەڵاتەوە . ئەگەر بە شێوەیەکی زاتیتر لێی بڕوانین و سەرنجی ڕەفتاری ئەو ژنانەش بدەین کە سیاسەت دەکەن ، دەبینین زیاتر لە ژێر کاریگەری فکری و سیاسی پیاوان بە گشتی و هاوسەرەکانیاندان بە تایبەتی ، واتە بە شداریکردنی ژنان لە ژیانی سیاسیدا سەربەخۆ نیە بەڵکو شوێنکەوتەی پەیوەندیەکانی پیاوانە کە لە هەموو شوێنێکدا باڵا دەستە. ئەم نائامادەبوونە سەربەخۆیەی ژنان لە سیاسەتدا دواجار ڕەنگێکی پیاوانەی داوە بە سیاسەتکردن (کاتێك بە باشی لە ناوەڕۆکی سیاسی بێ دەربەستی ژنان لە سیاسەتدا تێ دەگەین کە سیاسەت بە چەمکە فراوانەکەی لە بەرچاوبگرین ...بێ دەربەستی ژنان پێداویستی بەردەوام بوونی سیستمی کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، کەلتوری و ڕەگەزیی پیاوسالاریە ....... دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژنانەوە لە مێژووی سیاسی مرۆڤدا ڕاستیەکە کە ناشارێتەوە.) { د. حسین بشیریە : جامعە شناسی سیاسی }

لێرەوە دەکرێت بڵێین جولانەوەی فیمینیستی بەدەر نەبوە لە کاریگەری سیاسیی ڕێبازە فکری و کۆمەڵایەتیەکان و ڕژێمە کۆمەڵایەتیەکانی سیستمی پیاوسالاری ، بەلگەشمان بۆ ئەمە ئەو ئاراستە و ڕێبازە جۆرا و جۆرانەی فیمینیزمە کە یان بەرهەمی فکری پیاوانن یاخود لەژێر کاریگەری فکری ئەواندان ، (ئەو ژنە گەنجانەی گلاونەتە چالاکی سیاسیەوە ، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پەیوەندی بە گرۆکانی ژنانەوە ناکەن ، بەڵکو پێدەچێت زیاتر پەیوەندی بکەن بە گرۆکانی دژە جیهانیبوون و دژ بە کۆمپانیا زەبەلاحەکان ، یان گرۆکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە . ڕەنگە ئەو ژنە گەنجانەی خۆیان بە فیمینیست دەزانن و لەو گرۆیانەی کاری تێدا دەکەن و خاوەنی تێڕوانینی فیمنیستیانەن ، کار لە ڕێگە و شێوازی خستنە ڕوو و بەرەو پێشبردنی کێشەکان بکەن ) بەڵام هێشتا ئەو سیفات و ناسنامانەی کە دراونەتە پاڵ بزوتنەوەی فیمینیستی و پۆلینی کردون بەسەر فیمنیزمی لیبڕاڵ و مارکسیست و سوسیالیست و رادیکال و پۆست مۆدیرن ،هاوشێوەی ئەو دابەش بون و پۆلینکردنە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیانەن کەلەکۆمەلگەی پیاوسالاریدا باون. لێرەدا من نامەوێت :

1. تێڕوانینێکی ئاید یاڵ (خەیاڵی) لەسەر جوڵانەوەی ژنان بدەم بەشێوەیەك کەبەدەربێت لەهەر جۆرە کارلێك وکاریگەریەکی کۆمەڵایەتی،یان بڵێین فیمنیزمێکی عەیارە (24) مان گەرەکە ، چونکە لەسەر ئەرزی وا قەع بزوتنەوە و هێزەکۆمەڵایەتیەکان تەنانەت لە حاڵەتی ململانێشدا کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە وکارلەیەکتر دەکەن. یاخود ،

2. ڕۆڵی داهێنەرانەی تاکەکەسی ژنان لە مێژوودا نادیدە بگرم، ئەگەرچی شێوازی مامەڵەکردنی سیستمی پیاوسالاری لەگەڵ داهێنان و بەشداریکردنی ژنان لەدروست کردنی کلتور ومەعەریفەی مرۆڤایەتیدا تاکگەرا یی وسوودخوازانە بوە،و هەوڵیداوە بیخاتە دەرەوەی سیستم و کاری ڕیکخراوی (منقم) ژنانەوە،بەمەش ئیحتوای کارێکتەری داهێنەرانە وسەربەخۆیی خوازی ژنان دەکات .

ڕاستە کە ژنان لە بوارەکانی یاسا و سیاسەتدا چەند مافێکیان بەدەستهێناوە ،لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندن و ئابوری و کایە کلتوریەکاندا پێشکەوتنیان بەدەستهێناوە ، ژن بونەتە ، سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیر و حاکم و یاساناس و سیاسی بەڵام ئەم پێشکەوتنانە بارتەقای خۆیان جوڵانەوەی ژنانیان بەرەو چەواشەکاری بردوە . ئایا ئەندیرا غاندی و گۆڵدامایر و بێنەزیربۆتۆ و تاتشر و...هتد بە ناونیشانی ژنێکی چالاك لەجوڵانەوەی ژناندا هاتنە نێو مەیدانی سیاسەت و ناوەندی دەسەڵاتەوە یاخود بەهۆش و گۆش و مۆراڵ و نەریتی پیاوانەوە هاتن؟بە واتایەکی تر ئەوان نەیانتوانی خزمەت بەمەسەلەو کێشەکانی ژنان بکەن چونکە بە دەستوورێك کاریان دەکرد کە لەلایەن پیاوان و کۆمەڵگەی پیاوسالاریەوەداڕێژرا بوو . لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانیشدا کەوا دێتە بەرچاو کە کۆسپ و لەمپەرەکان لەبەردەم بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی سیاسید ا کەم بوونەتەوە و هەڵگیراون بەڵام هێشتا بەشداریکردنێکی فراوان نیە . چونکە ئەوەی کە ژنێك دەگەیەنێتە سەر کورسی دەسەڵات لەبنەڕەتدا گرێبەستێکە، کە لەنێوان ئەو (وەك تاکێك ) و سیستمێکی ئاڵۆزدا ئەنجام دەدرێت ، کە لەسەر بنەمای دەستبەرداربونی شوناس، لەلایەن ژنەوە، بەڕێوە دەچێت. مێینەیەك کە بەخۆشحاڵیەوە دەچێتە نێو ڕیزەکانی سوپا و پۆلیسەوە و پێی وایە ڕچەی شکاندوە یاخود دەیەوێت سەرکەوتنی ژن لەو بوارەدا بسەلمێنێ ، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت و بەرلەوەی سەرکەوتنی کەسایەتی و توانایی ژن ڕابگەیەنێت ، ئەو شوناسی جیندەری خۆی لەدەستداوە بۆتە چەك بەشان و پارێزەرێکی سیستمی کۆمەڵایەتی ، ئەو ( فرۆم) وتەنی بوەتە برغویەك لەماشینێکی گەورەدا ئەویش ماشێنی پیاوسالاریە.

ئەگەر لەو ووتەیەوە کەدەڵێت ئازادی ژن پێوەری ئازادی کۆمەڵگەیە سەیری ئایندەی پرسی ژنان و ئایندەی مرۆڤایەتی بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین مەرجێکی بنەڕەتی بەدیهێنانی ژیانیکی مرۆڤانە و کەرامەتدار بۆ مرۆڤ پەیوەستە بەوەی کە تا چ ئەندازەیەك ژنان لە پێگە و مامەڵەکردنێکی مرۆڤانە بەهرەمەندن ، دۆخی ئێستای ژنان هەر چەندە مایەی نیگەرانیە بەڵام مرۆیی بونی پرسەکەیان ئومێدێك لەبەردەم خودی مرۆڤایەتیشدا دادەنێت .

پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیەکانی کە (15-20) ساڵی ڕابردوو جیهان بەخۆیەوە بینیویەتی ، جیهانگیری و شۆڕشی زانیاری و کۆمیونیوکەیشن ،نەك هەر ئاڵوگۆری پۆزەتیفیان بەئاقاری کەمکردنەوەی ستەمی سەر ژناندا نەهێناوەتە ئارا بەڵکو بونەتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی نوێش کە ئەمجارە جیاوازیەکان بەتەنها جیاوازی رەگەزی نێو کۆمەلگایەك نین ، بەلکو جیاوازی ئابوری و کلتوری و کۆمەڵایەتی نێوان کۆمەلگا جۆراو جۆرەکانە ، جیاوازی نێوان وڵاتانی دەوڵەمەند و وڵاتانی هەژارە ، جیاوازی نێوان کلتورێکی داخراو ی نەریتپارێز و کلتورێکی کراوە و پێشکەوتوترە .ئەو دۆخە کارەساتبار و مەرگبارەی کە ژنانی وڵاتانی هەژار و جەنگ زەدە تێیدا دەژین و بازرگانی کردن بە ژنانەوە و بردنیان بە قاچاخ بۆ نێو بازاڕی سێکسی جیهانی کەسەرچاوەیەکی داهاتی بۆ باندە قاچاخچیەکان و مافیاکان دروست کردوە،...هتد ، جۆرێك لە هاوچارەنووسی بۆسەرجەم ژنانی سەر زەوی هێناوەتە ئارا کە ئەگەری دەرکەوتنی (ژنی جیهانی) وەك ئەوەی کریستیفا ناوی دەبات،دەهینێتە ئاراوە.

پەراوێز:

٭ باربرا ئیپستین (هوشیاری فیمینیستیانەی پاش بزووتنەوەی ژنان) وەرگێڕانی غەریب شریف ـ هەنگاو ژ (4)

سەرچاوەکان:


1. جیهانی فیمینیزم وەرگێڕانی ئەکرەمی میهرداد
2. گۆڤاری سەردەم ژ (9)
3. جامع شناسی سیاسی  د. حسین بشیریە